﴿26﴾

# ئیعجازی زانستی له بوونی مرۆڤدا

*** له بواری ڕەنگدا:**

**ئاشکرایه کـه تـۆوی مـرۆڤ ((سـپێرم))، ئـەوەنده وورده بـه ((میکرۆسـکۆب))ی ئاسـایی نـابینرێ، بـەڵکو بـه ((مایکرۆسکۆبی ئەلیکترۆنی)) سەروو ((٨٠٠)) هەزار جار گەورەکردن ئینجا ڕوون و ئاشـکرا ئـەبێت و تـۆزێ بریسکەی لێوه دێت، هـەروەها هێلکۆکەی ئافرەتیش ئەو بریسکەیەی هەیه که بـه ((مایکرۆسـکۆب)) تەماشا ئەکرێ. له مشتەقاتی ووشەی ((نگفه)) ((النگف)) واتـه: ((مـرواری)) مرواریش بـەچی بەناوبانگـه؟ به بەریسکه دانەوه. بریسکه ئەدەنەوه.**

**ئینجا لیرەدا پاش ئەوەی تەکنۆلۆجیای وینەگری وەك مایکرۆسکۆب، گەشەی پێ درا، گەیشته ئەوەی که ڕەنگی ئەو سپیرمه، (ئاوی پیاو) سپیـیه، بەڵام هی ئافرەت زەرده.**

**پیغەمبەر صلی الله علیه وسلم له فەرموودەیەکدا ئەفەرموێ:**

**((ما و الرجل أبیچ وما و المرأه أصفر))[1]**

## ئایا کێ پـێی ووت؟ خـۆی زانـی؟ میکرۆسـکۆبی ئـەلکترۆنی هـەبوو؟ یـاخود ئەمـه پشتگیری‌یه لەلایەن خواوەو لەویوه هـەوالی پـێ ئـەدرێ؟ بـەهیواین کـه ئـەم باسـه هۆکـاریکی هیدایـەت بـێ بـۆ ئـەو جـۆره کەسـانەی کـه لـه گومـاندا ئـەژین، بـەلکو بەخۆیاندا بچنەوەو بزانن بەراستی ئەمه معجزەیەو ئەمه به بەشەر ناکرێ.

***له بواری زاراوه:**

**بیینـه سـەر ئیعجازیکی تر که پەیوەسته به زاراوەو، به ((تیرمنۆلۆجی))یەوه قورئـان ووشـەی ((علقـه)) بـەکار ئەهینێ لەگەل ووشەی ((مچغه)) بۆ قۆناغەکانی که له کۆرپەله.**

**((علقه)) دوو مانای هەیه:- مانایەکیان واته کرم، مانایەکیشیان واته خۆهەلواسین، ئەمرۆ بەهۆی گەشه کردنـی کۆرپەله ناسینەوه ((ئیمبریۆلۆجی)) بۆیان دەرکەوت به کامیرا بەشیوەیەك که بوەتـه حەقیقەتی زانستی که ئەو ((تۆوه پیتینراوه)) وەك کرمیکی لی دیت که ئەگاتـه رەحـم، بۆ مـاوەی ((١٤)) رۆژ خـۆی هەلئەواسێ به دیواری**

---

([1]) صحیح ابن حبان / الجزء ١ / ص٤٤١، هەروەها مسند ابي عوانة ٢ / الجزء ١ / ص٢٩٤.

رەحمــەوە بەشـیوەی کـرم پاشـان شـیوەکەی دەگـۆڕێ بــۆ شـیوەیەکی تـر کــە پــێی ئــەوترێ ((مچغــە)) ئــەو ((مچغە))یەش نزیکەی ((٣ سێ)) هەفتە بەو شیوەیە دەمینیتەوە جا وورده وورده شیوەکەی دەگۆڕێ.

مەرجە خۆی هەلواسێ بەدیواری رەحمەوە تا کۆتایی، هەرکاتیك ئەو پەیوەندیيە نەما (ئەو خۆهەلواسینە نەما) ((اجهاچ)) لەبارچوون رووئەدات.

لەبەرئەوە هیچ ووشەیەك ناتوانیت دابنییت لەجیاتی ((علقه)) بەو مانایەی ((علقه)) بیت شیوازەکەشی وەك کرمە ئیشەکەشی خۆهەلواسینە سبحان الله العلی القدیر.

زاناکانی رۆژئاوا بۆیــان دەرکــەوت کــە کۆرپەلــە لــەم قۆناغــەدا شــیوەی کرمــی هەیــە، ئیشــەکەی ئەوەیــە خــۆی هەلدەواسێ بەدیواری منالدانەوەو ناویان نا ((لیچ لایك)). Leachlike

((لیچ لایك)) یانی ئەشوبهیتە کرم واتە ((علقه)) کە ئاگایان لە قورئانیش نیيە، وە ((١٤)) رۆژ ئەخایەنێو پاشان ئەگۆڕدرێ وەکو بنیشتیکی جوراوی لی دێ. خوای گەورە ئەوەی ناو ناوە ((مچغە)) واتە: ((جوراوە)) ئەگەر بییتە سەر زاراوە ئینگلیزیيەکەی پێی ئەووترێ ((چووت لایك)) یەعنی: ((جووراو)) ((سبحان الله))!!.

ئینجا هیچ ووشەیەك ناتوانیت دابنییت کە ئەو مانایە ببەخشیت بەو قووەتە. ئەمەش جۆریکە لە ئیعجازی ووشە لە قورئانی پیرۆزدا لە بواری پزیشکیدا.

*<u>لەبواری زنجیرەبەندیدا:</u>

هیلکۆکەی ئافرەتـە کـە گـەورەترین خانـەی لەشـە نزیکـەی ((٤٠٠ ـ ٥٠٠)) دانـە لـە تەمـەنی ئافرەتـەدا بـەتیکرایی هەموو ((٢٨)) رۆژیك دانەیەك بەشیوەی دەرپەرینیك دیتە دەرێ لە هیلکەدان بەرەو خوار.

قورئانی پیرۆز ووشـەی ((سلالە))ی بۆ بەکار دەهینیت. ((إستل)) واتە هاتنـە دەرەوە، لـەو هیلکەدانـەوە هـەموو ((٢٨)) رۆژیك هیلکەیـەك دیتـە دەرێ وە لـەژیریدا ئۆرگـانیك هەیـە شـیوازی رەحـەتی هەیـە ئەیگریتـە خۆیـیو برژانگی تیایە پالی پیوە ئەنێ بۆ ناو کەنالیك پـێی ئـەووتریت کـەنالی ((فالوپ)) ئەگـەر لـەویدا تـۆوی پیاوەکە هاتبیتە ئەوێ لە ماوەی ((٣ سێ)) رۆژدا دەپیتینریت ئەگەر نەبوو لەویدا دەپوکیتـەوە. دوای ئـەوە وورده وورده دەرواتـە خـوارێ شـایانی باسـە کـە هـەر ئـەو رۆژەی کـە دەپیتینریت لـەولاوە ((مەشیمە)) دروسـت دەبیـت لـەناو رەحمدا ((سبحان الله)).

کاتیك کە ئەم تۆوە پیتینراوە ئەروات و ئەگاتە رەحم خۆی هەلئەواسێ بـە رەحمـەوە وە پیشتر ئامـاژەمـان پیـدا، قورئان ناوی ناوە بە ((علقه)) کەمانای هەلواسراو دەبەخشێ.

پاشان ئەبیتە ((مچغە)) وە پاشان((مچغە))یە ئەبیتە دوو بەش:–

بەشیکیان ئەندام و ئۆرگانەکانی تری لەشی لی دروست دەبێ، بەشەکەی تری ئەبیتە دەماریك کە خوین دەهینیت لە ((رەحم))ەوە لەدیواری منال دانەوە بۆ ئەو کۆرپەیەی کە لە سەرەتای قۆناغی یەکەمدایە، خۆراکی بۆ ئەهینیت لەرێی خوینەوە، ئۆکسجینی بۆ ئەهینیت لەرێی خوینەوە.

ئینجا دەرهاویشتەکانی (افرازات)و ئـەو مـاددە ژەهراویانـەی کـە هـەن لەگـەل دووەم ئۆکسـیدی کاربۆنەکـەدا کـە ئەرۆنـەوە دەرێ بـەم جـۆرە گـەورە ئـەبێ پـێی ئـەووترێ ((والأش)) جا ئـەگـەر وورد بینـەوە قورئـانی پیـرۆز باسـی ئەکات: ((من مچغه مخلقه وغیر مخلقه)) ئەم ((مچغە))یە ئەم ((جووراوە)) دوو شیوازی هەیە یان دوو بەشی هەیە، بەشیکی ((خلـق)) لـی دورسـت ئـەبێ ((سـەر و قـاچ و دەسـت و)) هـەموو ئەندامــەکانی دەرەوەو نـاوەوە، ئـەوەی تریـان گــەورە ئــەبێو ئەبیتــە والأش، کــاتی لــەدایك بــوون کــە هــەردووکی بەیەکــەوەن هــەردووکی خانەنویــەك سـەرچاوەیان هەیـە لـە باوك و دایکـەوە هـاتوون، کاتیك ئـەبینی ئـەمیان ئـەبرڕێو فـڕێ ئـەدرێ، ئـەوی تریشـیان باوەشی پیائەکرێو بەساقەو بەقوربانی ئەبن.. ئەویش مرۆڤەکەیە. خوای گەورە ئەفەرمویت:

یا أیها الناس إن کنتم ڤ ریب من البعپ فإنا خلقناکم من تراب پم من نگفه پم من علقه پم مـن مچغـه مخلقـه وغیـر مخلقه لنبین لکم. ونقر ڤ الأرحام ما نشاو إلى أجل مسمى پم نخرجکم گفلا پم لتبلغوا أشدکم، ومنکم مـن یتـوفى

ومنكم من يرد إلى أرژل العمر لكيلا يعلم من بعد علم شيئا وترى الّرچ هامده فإژا أنزلنا عليها الماو أهتزت وربت وأنبتت من كل زوج بهيج...[2]

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای متعال دەفەرموێ:

ئەی ئەو کەسانەی کە گومانتان هەیە لە زیندوو بونەوە بیربکەنەوە ئەوە ئیوە لە گل دروست کراون، لە زانستی ئەمڕۆدا روونە هەرچی پیکهاتەمان هەیە لە گلدا هەمان پیکهاتەیە. گۆشت و ماسولکەو ئیسك و خوین و ئەم لەشەی ئیمە کە شیتەل ئەکریتەوە هەمان پیکهاتەی گلە وەك: ماددەکانی مەگنیسیۆم و کاربۆن و نایترۆجین و فۆسفۆرو مەنگەنیس و ئاسن و مس و.. هتد ئەمە لەناو زانایاندا زۆر روونە، رەگەزیك نییە کە لە گلدا هەبیت و لە لەشمانا نەبێ یان بە پیچەوانەوە ئیمە پیکهاتەی گلین لە رووی لەشەوە لە روانگەی زانستەوە، پاشان ئەفەرموێ: پم من نگفە.... نگفهکەش بەهۆی مایکروسکوبی ئەلیکترۆنییەوە بینرا، پیغەمبەری خوا علیه الصلاه والسلام رەنگەکەشی دیاری کرد. ئینجا ئەفەرموێ ((من علقه)) ئەمەشمان ئاماژە پێ کرد کە بەهۆی هۆکاری پیشکەوتووی نوێوە روون و ئاشکرا بینراوە.

ئینجا ((من مچغه مخلقه وغير مخلقه))[3] شیوازی جووراوەکە هەردوو جۆرەکەمان باس کرد دوای ئەوە مانەوەیەك لە رەحمدا کە مەزەندە ئەکریت بە ((٢٦٠)) رۆژ ((إلى أجل مسمى))[4] بۆ کاتیکی دیاری کراو ((٢٦٠) رۆژە، وە کە پیتاندنەکە لە ((قەناتی فالوب))دا ئەمینیتەوە دوای نزیکەی حەفتەیەك یان زیاتر دیتە رەحمەوەو ئەمینیتەوە، ئیتر دوای ئەوە ((پم نخرجكم گفلا ))[5] منال لەدایك بوونە کە هەموو کەسیك دەیزانێ.

**بەڵام ئەم قۆناغانەی کە منال شیر ئەخوات و ئینجا دوایی گالگۆلکێ ئەکات و پێ ئەگرێ ئەو قۆناغانەی کە هەموو کەسێ ئەیبینێو هەموو کەس پیایدا رۆشتووە ئەبێ بزانین قۆناغی دیکە هەبووە کە وەختی خۆی نەبینراوە لەناو سکی ئەو دایکەدا هەمووی رووی داوە..**

زنجیرەبەندیەکی سەیر، زنجیرەبەندیەکی چوونیەکیسەد لەسەد لەگەل زانستدا بەڵام بەداخەوە تا ئیستاش هەندێ کەس لە گیژاوی گوماندا ئەژین، وە وابزانم کاتی ئەوە هاتووە خۆیان لەو گیژاوە رزگار کەن و خۆیان تەسلیمی پەروەردگار کەن و خۆیان ئاویزانی بەرنامەکەی خوای گەورە بکەن و خۆیان لە کانیاوی سازو دلگیری قورئانی پیرۆز تیر ئاو بکەن.

خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموێ ((ما لكم لا ترجون لله وقارا. وقد خلقكم أگوارا))[6].

**خوای گەورە شایستەی ئەو ریزەیە، ئەو خوایەی کە بە قۆناغ قۆناغ ئیمەی دروست کردووە.**

* بیینە سەر ئیعجازیکی زنجیرەبەندی تر.. کە ئەو کۆرپەلەیە لە سەرەتادا کاتی کە دریژییەکەی ئەچیتە ((١٣)) ملم، واتە بەقەدەر نینۆکی پیاویك دەبیت، نینۆکیکی بچکۆلانە لەم حەجمەدا ئەبینیت دوو خەتی بۆ دروست ئەبیت یان دوو کونی بۆ دروست ئەبیت لەملاو لەولا کە ئەوە سەرەتای گوێی ئەو مرۆڤەیە، پاش ئەوە دوو چالی بۆ دروست ئەبیت، لە ناوەراستی روویا، یەکەمجار رووەکە دروست ئەبیت، رووەکە واتە: بونیادی دەم و چاوەکە، ئەو رووە دروست ئەبیت ئینجا ئەو دوو کونەی ئەملاولای کە دەبنە سەرەتا بۆ هەردوو گوێی مرۆڤ.

---

(٢) الحج / ئایەتی (٥).
(٣) الحج / ٥
(٤) الحج / ٥.
(٥) الحج / ٥.
(٦) نوح / ١٣ و ١٤.

وه پاشان دوو چال دروست ئەبێت لە ناوەراستی ئەو رووەدا کە دەبنە چاو لە داهاتوودا. (وجعل لکم السمع والابصار والافئده قلیلا ما تشکرون)[٧]. پیغەمبەری خوا ((صلى الله علیه وسلم))، ئەو جۆرە زانستەی پێ بووه، ئەو زانیاریەی هەبووه، هەروەها خوای گەورە لە ئایەتیکی تردا ئەفەرموێ:

(ألم نجعل له عینین، ولسانا وشفتین)[٨] ئەی دوو چاومان بۆ دروست نەکرد؟ پاشان دەممان بۆ دروست نەکرد؟ بە نسبەت زنجیرەبەندیەوه یەکەمجار ئەو کونی گوێیانە دروست ئەبن، پاشان ئەو چالانە دروست ئەبن بۆ چاو پاشان بۆ دەم.. ئەم زانیاریە لە ئاسمانەوه دراوە بە پیغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بۆیە لە سجدەدا لەیەکێ لە دوعاکانیدا ئەیفەرموو ((سجد وجهی للذی خلقه...)) تیبینی بکەن یەکەم جار دەم و چاوەکە (ئەو رووە) دروست ئەبێت.

((سجد وجهی للذی خلقه وصوره وشق سمعه وبصره بحوله وقوته فتبارك الله أحسن الخالقین))[٩] سوجدەی بردووه بۆ ئەو خوایەی کە رووی بۆ دروست کردووه کە گوێی بۆ دروست کردووه، کە چاوی بۆ دروست کردووه، گەورەیی هەر بۆ ئەو خوایەیە.

لە دریژایی ((١٣ ملم)) دا ((١٣)) ملم بەو بچوکییە، ناگاتە سانتیمەتر و نیویك، پیغەمبەری خوا کێ پێی ووت لەو کاتەدا سەرەتای دروست بوونی چاوەو سەرەتای دروست بوونی گوێیەو ئینجا دەمەو ئینجا زمان و لیوو. ئەمە کێ پێی ووت..؟!... بیجگە لە زاتی پەروەردگار. (سبحانه تعالی).؟

خوا ئەفەرموێ:

((ئیسقان دروست ئەکەین، پاشان دای ئەپۆشین بە گۆشت))

تا ماوەیەکی کەم لەمەوبەر باوەریان وابوو کە گۆشت و ماسولکەکان دروست ئەبن یەکەمجار پاشان وورده وورده لەناویانا ئیسك دروست ئەبێ. بەلام قورئان وا نافەرموێ.. بەلکو ئەفەرموێ: ئیسك دروست ئەکەین و پاشان دایئەپۆشین بە گۆشت. بەهۆی پیش کەوتنی تەکنۆلۆجیاوە دەرکەوت بە شیوازیك کە ئیتر هەلە قبول ناکات و بووەتە راستی‌یەکی زانست دەرکەوت یەکەم رۆژی هەفتەی حەوتەمدا سەرەتای دروست بوونی ئیسقانە. هەندێ وینە هەیە لە حەفتەی هەشتەمدا ئیسقانەکانی پەنجەی دەست و قاچەکە زۆر بە روون و ئاشکرا دیارن لەو کۆرپەلەیەدا پاشان بربرەی پشتی بەلام هیچ ئاسەواری گۆشت وە ماسولکە دیار نییە. ئەمە سەلماندی کە ئیسقانەکان دروست ئەبن یەکەمجار پاشان دائەپۆشرین بە گۆشت.. وەك قورئان ئەفەرموێ: ((لکل نبأ مستقر))[١٠] هەموو خەبەریك شوینەکانی‌خۆی هەیە، ئەو خەبەرە هیشتا روون نەبووبووەوه بۆ خەلکی، بۆ زاناکان روون نەبوو، تا ئەو پیشکەوتنە روویدا لە کامیرا.. کە بەلێ یەکەمجار ئیسکەکە دروست ئەبێو پاشان دائەپۆشرێ سەد لە سەد وەك خوای متعال فەرموویەتی.

جا ئەوانەی کە ئەلین محمد زیرەك بووەو قورئان خۆی دایناوەبەراستی ئەوە ئەوپەری بێ عەقلی‌یە چونکە ئەو کامیراو شتانە هەمووی چەند سالیکە دروست بووه، ١٤٠٠ سال لەمەوبەر محمدیکی بەشەر چۆن ئەزانێ وەها بلی ئەگەر وەحیەکی ئیلاهی‌و پشتگیری ئاسمان نەبێت.

بیینە سەر ئایەتیك لە قورئانی پیرۆزدا کە ئەم قۆناغانەمان بۆ باس دەکات.. ((ولقد خلقنا الانسان من سلاله من گین پم جعلناه نگفه فی قرار مکین. پم خلقنا النگفه علقه فخلقنا العلقه مچغه فخلقنا المچغه عڤاما فکسونا العڤام لحما پم أنشأناه خلقا ێخر فتبارك الله أحسن الخالقین))[١١] ئەم بەدوایەکدا هاتنە ئەوەستێ بەرامبەر راستی‌یەکانی زانست جا لیرەدا هەر لەم ئایەتە پیرۆزەوه کە گوێ بیستی بووین ئا بەو قۆناغانەدا ئەروات ئینجا (( پم أنشأناه خلقا ێخر)) ماوەیەکی پێ ئەچێ دوایی ئەگۆردرێو ئەبیتە شیوازیکی تر، ئیستا دەرکەوتووه کە

---

(٧) السجدة / ٩.

(٨) البلد / ٧ و ٨.

(٩) الترمزي / ٣ / ٤٧٤ وأحمد ٣٠/٦ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٢٢٠/١ والزيادة له.

(١٠) الأنعام / ٦٧.

(١١) المؤمنون / ١٣ و ١٤.

لەو قۆناغە سەرەتایی‌یانەدا ناتوانی خانەی پیتینراوی مرۆڤ جیاکەیتەوە لەگەل خانەی پیتینراوی مریشکدا، یان ماسی، یان کیسەل، خانەی پیتینراوی مانگادا، یان مەیمون.. هتد هەمووی ئەو شیوازە بچکۆلانەیەی هەیەو دوایی دوو کونی بۆ دروست ئەبێ بۆ گوێو ئینجا دوو کونی بۆ دروست ئەبێ بۆ چاو ئەمانە جیاناکرینەوە، ناتوانی بلێی ئەمانەتایبەتن بە کێوە، لە تەمەنی ((١٢ و ١٥ و ١٦))رۆژدا ناتوانی بلێی ئەمە مرۆڤە یا مریشکە، ناتوانی جیای کەیتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە وورده وورده ئەروا.. کە ئەم ئایەتە ئیعجازی تایبەتی خۆی دەرخستووە.

((پم أنشأناه خلقا ێخر)) جیاکردنەوەی ئەم مخلوقە نازدارە لای خوا، لەگەل مخلوقاتی تردا هەر لەخۆیدا ئیعجازیکی زۆر گەورەیە، جگە لە ((خلقا ێخر)) ((فخلق فسوی))[12] یان ((أنشأناه)) نەشئەی پێ ئەلیین ((تسویە))ی پێ ئەلیین جیای ئەکاتەوە لەگەل مخلوقاتی تردا..

خوشك و برای بەریزم: ئیمە وەك ئیماندار دلنیاین باوەردارین و هیچ گومانیکمان نی‌یە کە ئەو خوا گەورەیە دەست بەردارمان نەبوو کاتێ کە هیچ نەبووین، دەست بەردارمان نەبوو لە مرحلەیەکدا ((لم یکن شیئا مڎکورا))[13].

کاتێ کە تۆو بووین چی بووین هیچ نەبووین، لەو قۆناغەدا خوای گەورە دەست بەردارمان نەبوو وونی نەکردین، بەلکو سەرپەرشتی کردین، قۆناغ بە قۆناغ ئیمەی پاراست، تا ئەو ئاستانەمان بریو بووینە منال و بە پلەی منالیشدا رۆیشتین، خوای گەورە ((جل جلالە)) پاراستینی هەتا بالغ بووین. ئایا ئیستا دەست بەردارمان ئەبیت.؟ حاشا.. بەتایبەت پاش ئەوەی کە یەکخوا ناسیمان راگەیاند جارمان دا کە ((الله)) خاوەن مان بیت، شارع مان بیت، ئیسلام منهج و بەرنامەی ژیانمان بیت، رازی بووین بە سەرکردایەتی ((محمد المصگفی)) ((صلی الله علیە وسلم)) کە بە شیوازە فەرمووده‌ییەکەی هاتووەو ئەفەرموێ:

((رچیت بالله ربا، وبالاسلام دینا، وبمحمد نبیا ورسولا))[14].

پاش ئەوەی کە لە هەول و کۆششداین کە پەرستشی ئەو خوایە بکەین تەنها لەرێی محمدەوە ((صلی الله علیە وسلم)) چونکە خوا هەر ئەوەی پێ خۆشە، هەر بەوە رازی ئەبێ کە عبادەتی بکەین لەرێی محمدەوە نەك لەریگەی کەسی ترەوە ((ان الدین عند الله الاسلام))[15].

ئایا دوای ئەم هەموو عبادەتەو ئەم ((ولائە)) بەبێ شەریك بۆ خوا.. دەست بەردارمان ئەبیت.. حاشا.. حاشا لله بەتایبەت کە ئیعلانی خۆشەویستی خوامان کردووە، ئیعلانی خۆشەویستی پیغەمبەر مان کردووە، لە هەول و کۆشش داین کە شوین ئەو زاتە بکەوین ((علیە الصلاه والسلام)) سوننەتەکانی زیندوو بکەینەوە، بدعەکان بمرینین، لە هەولا بین کە ئەم خیر و بەرەکەتە بگا بە هەموو کەس، وە هەرچی ئەو توحیدەی لە دلایە ئیمە خۆشمان ئەوێ، بەلکو ئەوەی دەرەوەی بازنەی تەوحیدیشە تەمەننای خیری بۆ ئەکەین هەولیش ئەدەین نەك هەر تەمەنایەکی قلبی هەولی عەمەلی ئەدەین کە ئەسبابی هیدایەتیان پێ بگا. ئایا دوای ئەمانە خوای گەورەدەست بەردارمان ئەبیت؟ بیگومان نەخیر، بەلام ئیمە خەفەت بۆ ئەوکەسانە ئەخۆین کە بەردەوام لە خولگەی گوماندان، بەردەوام گومانیان هەیە، لە خەوی غەفلەتدان خەمی ئەوانمانە کە برۆنە ئەودنیا بەبێ توحید، بەبێ خواناسین، بەبێ پەرستش.. یەعنی هەول ئەدەین کە ئەم قسانەی کردمان، ئەم ئیعجازاتانەی کە باسمان کرد هاندەریك بیت بۆیان دەریان بهینیت لەو خەوی غەفلەتەو خەبەریان بیتەوە.

((یا أیها الانسان ما غرك بربك الکریم. الڎی خلقك فسواك فعدلك. ڤ أی صوره ما شاو رکبك))[16] ئەو خوا گەورەیە داوامان ڵی ئەکات کە غرور نەمان گریت، ئەو خوایەی کە ئیمەی دروست کردووە، ((خلقك فسواك

---

([12]) القیامة / ٣٨.

([13]) الانسان / ١.

([14]) سلسلة أحادیث الصحیحة / مجلد ٦ / رقم (٢٦٨٦).

([15]) آل عمران / ١٩.

فعدلك)) چەند بەريك وپيكى بەشەرى دروست كردووە جياى كردۆتەوە لەگەل ئاژەلدا، هەموو هۆكانى هدايەتى پێ داوە، بير بكەرەوە ئەى مرۆڤ. بيربكەرەوە هەر لەدەستت ((٢٥)) جومگەى تيدايە لە هەموو دەستيكدا ((٥٨)) حەرەكەت ئەكا.. هيچ ئاميريكى ئاوا بزۆك (متحرك) نىيە لەسەر زەويدا تواناو (كەفائە)ى دەستيكى هەبيت، لەناو هەر جومگەيەكى جومگەكانى لەشى مرۆڤدا شلەمەنىيەك هەيە سائليكى زەيتى هەيە كە هەرچى مختبرات و كارگەكانى دنيا هەيە ناتوانن قەترەيەك لەوە دروست بكەن.

**تەماشاى دلى خۆت كە ئەو دلەى لە تەمەنى ٧٠ حەفتا ساليدا نزيكەى ((٥٥)) مليۆن گالۆن خوين پال پيوە ئەنێ مەزەندە ئەكريت بە بەهيزترين ئامير لەسەر ئەرزدا، دوو خانەى دليان هينايە دەرێ لە تاقى كردنەوەيەكدا، دوو خانەكەيان جيا كردەوە. ئەبينن ئەو دوو خانەيە ترپەيان تيايە ((سبحان الله)) لە ترپەى خۆيان وازيان نەهيناوە پچراويشن لە دلەكە!! دوايى هەر لەو تاقى كردنەوەيە ئەو دوو خانەيەيان دايەوە لەيەك دواى نەختێ ئاوازەكانيان بويەوە بەيەك، ئەمە كێ كردى؟ ئەمە ئەيسەلمينێ كە هيزيكى غەيبى هەيە ئەمە ئەبات بەريوە.. سەيرى لەشى خۆت كە!! بير لە جگەرت يان زراوت يان پەنكرياست يان هەرس كردنت بكەرەوە، سەيرى بينين كە ((٩٠٪)) لە مەعلوماتت لە بينينەوە ديت، ((١٦٠٠)) هەزار و شەش سەد دەنگ جيائەكەيتەوە بە ئاميرى گوێ.. ئەو دەنگە ئەكا بە كارەبا و خەزنى ئەكا..چاو ئەو رەنگە ئەكا بە كارەبا و خەزنى ئەكا، كەى ويستت جوابت ئەداتەوە لە ميشكتدا كۆى ئەكاتەوە، هەر خانەيەك لە لەشدا ((١٠٠)) هەزار مليۆن)) خانەيە، كامى ئەگرى ئەو كرۆمۆسۆماتەى تيايە ئەو جيناتەى تيايە هەموو هۆكارەكانى بۆماوە لەويدا تۆمار كراوە، واتە هەموو خانەيەك لەو ((١٠٠)) هەزار مليۆنە تۆيت.. هەموو خانەيەك تۆيت و خۆتيت.**

لەبەرئەوە پيويستە بزانيت كە ئينسانى عاقل كرداريك ناكات كە هەدەفيكى نەبيت و لەبەر ئاواتيك نەبيت هەموو كاريكى خواحكمەتى تيايە، مەرجيش نىيە ئيمە هەمووى تێ بگەين، وەكو خلقى خوا حكمەتى تيدايەو هەنديكى بۆمان دەرئەكەوێ ئاوا بە سەرزارەكى تەماشاى كۆرپەلەيەك ئەكەيت لە سكى دايكيدا ((دوو دەست و دوو قاچ و زمان و گوێو..)) باشە ئەمانەى بۆچى پێ داوە لە رەحميكى داخراودا؟! قاچى بۆچىيە؟ خۆ ناروات دەستى بۆچىيە؟ خۆ نايجوولينێو بەكارى ناهينێ؟ دەمى بۆچىيە؟ خۆ خواردنى پێ ناخوات؟ بە ئامادەيى لە ناوكيەوە بۆى ديت. بەلام پاش كەميك بيركردنەوە بۆت دەرئەكەويت كە ئەمانە بۆ قۆناغيكى ديكەن. ئەمانە بۆ دەرەوەن كاتيكيش كە دييتە دنياوە هەست ئەكەيت كە ئەو هەست و خۆشەويستيەت و شعورت هەموو دنيا پرى ناكاتەوە. ئەبێ تێ بگەيت ئەمە دانراوە بۆ عالەميكى تر بۆ قۆناغيكى تر.

مردنەكەش حكمەتى تيدايە نەك هەر خەلقەكە.. مردنيش جۆريكە لە خلق، ((خلق الموت والحياه))[١٧] هەر ئەو پەنجانەى خۆمان كە لە سكى دايكماندا بوين پيستيك هەبوو پەنجەكانى ئەبەست بەيەكەوە، كاتێ ديت وورده وورده نامينێ مردن رووئەدات هەر لەو چركەيەوە، هەموو سەعاتيك ئيمە ((٦٠)) مليۆن خانەى خوينمان دەمرێ،

---

(١٦) الانفطار / ٦ و ٧ و ٨.
(١٧) الملك / ٢.

بەڵام هی نویێ دیتەوە شوینی.. بە ملیۆنەها خانەی پیستمان ئەمرێ بەڵام دیتەوە شوینی، مردن بەشیکە بۆ بەردەوام بوونی ژیان، حکمەتی تیدایە هەول بدەین تێی بگەین.. حالەتی دروست بوونی چالەکە بۆ چاو، وە ئەو کونانە بۆ گوێ ئەمانە هەمووی نموونەن بۆ مردن هیشتا کۆرپەلەکەش دروست نەبووە، بۆیە خانەی تر دیتە شوینی، ئەمە بەرنامەیەکی ئالۆز و گەورەیە.. مەگەر هەر خوای گەورە پێی بزانێ هەروەها زیندوکردنەوەشمان حکمەتەکەی لەوە کەمتر نییە، جا تکامان وایەئەو کەسانەی لەو قەیرانەدا دەژین، لەو خولگەی بێ باوەڕیو کەم باوەڕیو گومانەدا دەژین، کە ئیتر ویستی ئازادی خۆیان بەکاربهینن بەتایبەت بۆ قورئان، اعتصامی پێ بکەن، هەول بدەن لێی تێ بگەن وەڵڵاهی بەختەوەری دنیاو قیامەتی مرۆڤ لەم قورئانەدایە..

وە لە کۆتاییدا داوای خیر و ڕەحمەت ئەکەم بۆ هەمووان.